

# دەوەن نەوزاد: لەخۆبایی نیم زۆر زۆر سادەم

ت/ بەهرە صدیق

***باوکـت چ کاریگەرییەکی لەسـەر تۆ هەبوو بۆ گەیشتن بەو ئاستەی ئێستا؟**

- خۆشبەختانە من کچی هەردوو هونەرمەند نەوزاد مەجیدو سەبیحە ئیسماعیل-م ئەوان هاندەری یەکەمم بوون، بەردەوام باوکم شان بەشانی من لەئیشە هونەرییەکان هاوکار و یارمەتیدەرمە لەهەموو بوارەکاندا، ئەگەر باوکم هونەرمەندیش نەبوایە لەو باوەڕە نەبووم ئەوەندە سەرکەوتوو بامایە وەکو کچێك لەبواری سینەمادا.

*** چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەکتەری و دەرهێنان؟**

- زۆرشت لەئەکتەری ئیسراحەتی و تەنیا فەرمانت لەسەر دەکرێ، بەڵام لەدەرهێنان دا تۆ فەرمان دەکەی بەسەر خەڵکدا، شتێکی ناخۆشە من هیچ کات حەزناکەم فەرمان بەسەر کەس بکەم، بەڵام کە دەرهێنەر بی ئیشەکەت ناچارت دەکات فەرمان لەسەر ٥٠-١٠٠ کەس بکەی لەپێش و پاش کامێرا، زەحمەتتریشە لەڕووی کارکردن و بیرکردنەوە و کۆمەڵێك بەشی جیادەبێتەوە دەبێ هەمیشە لەبیرکردنەوەو پلان دانان دابی لەکاتێکدا کە بڕیار بدەی دەرهێنان بکەی.

***بۆچی یەکەم فیلمت وەك دەرهێنەر بەناوی (ئافرەت) بوو و خۆشت ڕۆڵی پاڵەوانێتیت تێیدا بینی؟**

- فیلمی یەکەمم بۆئەوە بوو بیسەلمێنم کە ژن دەتوانێ وەکو پیاو و هاوشانی پیاو سەرکەوتوو بێت لەکاتێکدا کە پیاو پشتی بوو خۆشبەختانە باوکم هاوکارمە خێزانەکەم هاوکارمە دەتوانم ئیشێك بکەم لەوئاستە بێت کەپیاوێك ئەنجامی دەدات نەك هەر خۆم، بەڵکو هەموو ئافرەتی دنیا، لەو باوەڕەدام ئەگەر هاندەرێکی هەبێ دەتوانێ لەپیاو باشتریش ئیش بکەن و بەرهەم بهێنن.

*** پێتوایە دەرهێنەرە پیاوەکان وەك پێویست ئاوڕیان لەکێشەکانی ئافرەتان داوەتەوە؟**

-ئەگەر ئاوڕیش بدەنەوە بەو شێوەیە نییە کە ئافرەت خۆی هەستی پێ بکات، پێموایە کاتێك کە کاری دەرهێنان دەکەم و فیلمێك دەردەهێنم هێزی خۆم تاقی دەکەمەوە تابزانم گەیشتوومەتە چ ئاستێك لەبواری سینەمادا، چونکە سینەما وەك دەریا وایە تابخوێنی، تاببینی، تا تاقیکردنەوەت هەبێ هێشتا کەمە بەڕای من، بۆیە هەمیشە دەڵێم ڕۆڵی سەرەکی من ئەکتەرییە.

*** چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە سەرەڕای نواندن کاری دەرهێنانیش بکەی؟**

- نەبوونی دەرهێنەری ژن وای لەمن کرد کەبیسەلمێنم ژنیش دەتوانێ هاوشانی پیاو ئیش بکات و زۆر لەویش باشتر بێت، من ناڵێم ئیشەکەم باشە، بەڵام لەچاو دەوەنێك کەبەردەوام لەپێش کامێرا بووەو بەچەندین ئەزموونی باش تێپەڕیوە یاریدەدەری دەرهێنەرم کردووە لەفیلمی سینەمای پرۆفیشینالڎا ئەمە وای لەمن کرد ئەو بیرۆکەم لادروست بێت، لەرێگەی ئەو گۆڤارەوە خۆشبەختانە دەستخۆشی لەهەموو دەرهێنەرەکان دەکەم کە ئەوانیش هاندەرم بوون و زۆرجاریش پێم دەڵێن تۆخۆت یەکلایی بکەرەوە ئەکتەری یان دەرهێنەری، پێم خۆشە خەڵك بێتە بوارەکەوە و توانای خەڵك تاقی بکەمەوە، بۆیە کاری دەرهێنانیش دەکەم.

*** فیلمێکت هەیە بەناونیشانی (نا بۆ توندوتیژی دژی ئافرەت) نیازی دووبارەکردنەوەی ئەم تەجروبەیەت نییە؟**

-ئەمە بیرۆکەیەك بوو ٨مانگ لەمێشکی مندا بوو، حەزم کرد بیکەمە فیلم و ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ناو و جێگاکانم گۆڕیوە لەبەر بابەتی یاسایی، ئەمە ڕووداوی کچێکی هاوڕێمە لەدوورەوە دەیناسم کە دوای تەواوکردنی ئامادەیی نەیانهێشتووە بچێت بۆ زانکۆ و بخوێنێ ئەمەش بۆ دوو حاڵەت دەگەڕێنمەوە یەکەمیان باوکیەتی بیری لەداهاتووی کچەکەی نەکردۆتەوە لەهەمان کاتدا

براکەیەتی کە بڕوایی بەوە نییە کچ بخوێنێ و بچێتە زانکۆ، کەواتە تا ئێستاش کاریگەری عەشایەری بەسەریاندا زاڵە کە نابێ کچ بخوێنێ و بچێتە دەرەوە و ئیش بکات پێویستە لەماڵەوە بێت و ئیشی ماڵەوە بکات.

*** لەدەرهێنەرە پیاوەکان کەس هەبوو دژی ئەوە بێت یان پێی ناخۆش بێت تۆ ببیت بەدەرهێنەر؟**

-هەموو کات کەسی باش و خراپ لەبوارە جیاکانی ژیاندا هەیە، بەڵام من ئەوەی خۆم قەناعەتم پێیەتی هەر ئەوە دەکەم و ڕێزیش لەبیروڕای هەموو کەس دەگرم، ئەوانەی پێیان خۆش بێ و پێیان ناخۆشیش بێت مەرج نییە بەپێی قسەکانی ئەوان بێت.

***ئەی کێ زیاتر هانیدای؟**

-باوك و دایکم و هاوڕێ نزیکەکانم و جەماوەرم، زۆر خۆشحاڵم کاتێك کە دەڕۆم لەسەر شەقامێك یان لەمارکێتێك خەڵکانێك هەن من دەناسن و باوەشم پیادا دەکەن و قسەم لەگەڵ دەکەن، ئەوە وای لێکردووم هەست بکەم بەخۆشحاڵییەوە کە بینەری تایبەتیم هەیە و خۆشیان دەوێم و چاویان لێیە کە ئیش بکەم.

***ئەگەر دایك و باوکت سینەماکار نەبوونایە تۆ هەر ڕێگای نواندنت هەڵدەبژارد؟**

-بەڵێ، بەڵام لەوانەیە ئەو کچە نەباما کە ئێستا هەم.

***ئایا دەرهێنەرە ئافرەتەکان وەکو پیاوان دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێندرێت؟ یان بەپێچەوانەوە ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێ؟**

-ناتوانم لەجێی هەموویانەوە

**خانمە ئەکتەری لاو دەوەن نەوزاد، لەکاری نواندنەوە ڕوو لەکاری دەرهێنان دەکات و سەرقاڵی دەرهێنانی کورتە فیلمێکە بەناوی ژن. دەوەن نەوزاد بەنیازە ئەمجارە لەپاڵ کاری نواندندا، پەی بەنهێنییەکی تری هونەر ببات و وردە وردە ڕوو لەکاری نووسینی سیناریۆ و دەرهێنان بکات. لەبنەماڵەیەکی هونەری پەروەردا لەدایکبووە، نەوزاد مەجیدی باوکی و سەبیحە ئیسماعیلی دایکی هەردووکیان لەبواری درامادا کار دەکەن و ئەمان هاندەر و پشتیوانی سەرەکیی بوون.**

**دەسپێکی هونەریی لەساڵی (٢٠٠٢)ـەوە بووە، بۆ یەکەمجار بەگرتەیەك لەدرامای «ڕەشەی پۆلیس» بەشداری کرد.**

**لەفیستیڤاڵی ساڵی (٢٠٠٧) دا لەسلێمانی خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەری وەرگرت لەسەر ئاستی هەرێم، بەهۆی فیلمی «ئەو پیاوەی کە چوو بۆ سەیران»، لەپێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.**



بڕیار بدەم، هەموو دەرهێنەرەکان هاندەری من بوون، لەوانەیە جاری وا کێشە هەبووە ئەویش لەبێ ئارامی خۆم بووە، چونکە خۆم بێ ئارامم و زۆریش دڵ تەنگ دەبم و پێم ناخۆشە کە کارێك دوادەخرێ و گرنگی پێ نادرێ، ئەگەرنا وەك خۆم هیچ کاتێك ئاستەنگم نەبووە.

***وەك کچە ئەکتەر و دەرهێنەرێك خەون و ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم هەموو ئەو ئیشانەی دەیکەم جێگەی ڕەزامەندی بینەرەکانم بێت و بتوانم خزمەتی هونەری کوردی بکەم و بەردەوام ئیشی نوێ بکەم.

*** ئەگەر پێت بڵێن تۆ لەخۆبایی بووی چۆن وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەدەیتەوە؟**

-بەپێکەنینەوە دەڵێت «قەت لەخۆبایی نیم زۆر زۆر سادەم ئەوەی دەوەن بناسێ و قسەی لەگەڵ بکات دەزانێ دەوەن دڵی وەك منداڵێك وایە.

*** ترسی ئەوەت نییە کاری نواندن و دەرهێنان ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ژیانی تایبەتی خۆت بیر بچێتەوە؟**

- نا بێگومان هەموو شتێك پلانی هەیە، ڕاستە زۆر ماندووم زۆر هیلاکم زۆر شتی ژیانی تایبەتمەندی خۆم پشتگوێ خستووە لەپێناو ئەو حەز و ئارەزووانەی کەهەمە لەبواری سینەمادا، هەڵبەت هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە دەبێتە هاوسەرم ئاسان نییە، دەبێت کەسێك بێت لەمن و بیرکردنەوەو ئیش و کارەکانم تێبگات، هەڵبەت منیش پلانم هەیە لەکاتێکدا بیر لەو کەسەی دووەمی ژیانی خۆم بکەمەوە چۆن بیگەمێ، دیارە ئەو خەونانەی کە هەمە دەمەوێ بیهێنمە دی ئەوکاتە بیر لەوە دەکەمەوە، هێشتا بیرم لێ نەکردۆتەوە.

*** دوایین کارو پرۆژەت لەبواری سینەمادا چییە؟**

-دەرگا داخراوەکانە کە لەو فیستیڤاڵە پەخش دەکرێت.

# نیــكۆل سابا پەشیمانە

بەپێچەوانەی پێشبینییەكان هونەرمەندی لوبنانی نیــكۆل ســابا لەچوارچێوەی بەرنامەیەكــی تەلەفزیۆنی كە لەكەناڵی mtv ئاســمانی لوبنانی پێشكەش كرا، ڕایگەیاند كەوا پەشــیمانە لەگەڵ عادل ئیمــام لەفیلمی (التجربــة الدانماركیە) بەشداری كردووە.

نیكۆل ئەوەشــی ئاشكرا كرد ئەو كاتەی بەشــداری لەو فیلمەدا كرد زۆر حەزی دەكــرد ناوبانگی هەبێت و بناســرێت، بەتایبەتــی لەگــەڵ هونەرمەندێكــی گــەورەی وەك عــادل ئیمــام، نیكۆل بەیاوەری یوســف ئەلخالی هاوســەری ئامادەی بەرنامەكە بوو ئەوەشی ڕاگەیاند كە یەكێــك لەهۆكارەكانی جیابوونەوەی لەهاوسەرەكەی بۆ بەشداری كردنی لەو فیلمــەدا دەگەڕێتەوە، بــەڵام هۆكاری سەرەكیش نەبوو.





# بیۆنسی: وەرزش هۆكاری جوانییەكەمە

گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی بیونسیە هۆكاری ڕێكی لەشی خۆی و پاراستنی ئاشكرا كرد و ڕایگەیاند كە تەنیا وەرزش هۆكارێكی سەرەكی پاراستنی كێش و جوانی لەشی ئەون.

بیۆنسیە لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ گۆڤاری (ئین ستایل)ی چاپی بەریتانیا گوتی: بەدیهاتنی هەر شتێك لە ژیان پێویستی بە قوربانیدان و كار كردنی بەردەوام هەیە و هیچ نهێنییەكیش نییە كە بیشــارمەوە، هەر كەسێك بیەوێت لەشێكی ڕێك و تەندروستییەكی باشی هەبێت پێویستە قوربانی بدات و بــەردەوام وەرزش ئەنجام بدات، ڕاستە هەندێك كەس هەن لە ژیان بەخت یاوەریان دەبێت كە من یەكێك نیم لەو كەســانە. بیونسی لە درێژەی لێدوانەكەیدا دەڵێ: سەرەڕای ئەمەش من زۆر جار لەو ڕێڕەوە لادەدەم و خواردنی چەور دەخــۆم بەتایبەتی ژەمە خێــراكان، چونكە من ناتوانم بەرامبــەر بە پەتاتەی برژاو خۆم ڕابگرم بۆیە دەبینی ماوەیەكی زۆر هیچ ناخۆم كەچی لەناكاو دەســت پێدەكەم و ئــەوەی ئارەزووم بێت دەیخۆم.



# بۆنەكەی جاستن بیبر پڕ فرۆشترین بۆنە

گۆرانیبێــژی لاو جاســتین بیبــر لە ســەرەتای ســاڵی ٢٠١١ یەكەم بۆنی بەناوی خۆی بە ناوی (Someday) لە نیۆیۆرك بڵاوكردەوە و دوای ماوەیەكی كەم سەركەوتنێكی بەرچاوی بە دەستهێنا و بە یەكێك لە پڕ فرۆشترین بۆنەكان دادەنرێت لە سەر ئاستی جیهان.

ئەم بۆنە لە كۆگاكانی مایسی دەفرۆشرێت، هەر بەم بۆنەیەوە، تیری لۆندگرید سەرۆكی مایســی گوتی: ئەم بۆنە بە یەكێك لە پڕ فرۆشــترین بۆنەكان دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان و پێشــبینی دەكرێت پلەی یەكەمی پڕ فرۆشــترین بۆنەكان بە دەست بهێنێت لە مێژووی (مایســی)، چونكە دوای بۆنی جنیفــر لۆپێز و برێتنی ســپیرز ئەمە یەكەم بۆنە بەو شــێوەیە فرۆشــتنی لەسەر بێت، پێویستە بوترێت بەشێك لە داهاتی ئەم بۆنە بــۆ دەزگار خێرخوازییەكان دەبێت، بۆیە ئەم هەواڵە بووەتە مایەی دڵخۆش كردنی زۆر لە دەزگا خێرخوازییەكانی ئەمریكا.

# نەبیلە شانازی بەبـــازەوە دەکات

بەپێی ماڵپەڕی (فــن اونلاین) نەبیلە عوبێدی خانمە ســینەماکاری میسری ناوەندە هونەری و سیاسییەکانی تووشی شۆك کرد کاتێك ڕایگەیاند کە هاوسەری ئوسامە بازی ڕاوێژکاری سەرۆکی لادراوی میسر حوسنی موبارەك بووە.
نەبیلە ئاماژەی بەوەش کرد کەوا شەرم لەوە ناکات ڕۆژێك لەڕۆژان هاوســەری ئوسامە بووە و زۆر شانازی بەو هاوســەرییەوە دەکات کە ماوەی نۆ ساڵی خایاند، چونکە نێوەندە سیاسی و هونەریەکان و تەنانــەت خودی حوســنی موبارەکیش بەو هاسەرگیریەیان دەزانی، لەهەمان کاتدا نەبیلە ئەوەشــی ڕاگەیاند کە زۆر دڵنیایە لەپاکی و دووریی ئوسامە لەگەندەڵی، هەروەها گوتی: پیاوێکی بەڕێزە و خۆشترین ساڵەکانی تەمەنی لەگەڵدا بەســەر بــردووە و زۆریش یارمەتیی داوە بــۆ بەڕێوەبردنی کاروبــاری ناو ماڵ و هیوای هەرچی زوو چاکبوونەوەی بۆ خواست بەتایبەتی لەو کاتەی ئێستادا.





# هاری پوتـــەر تورەیە

ئەســتێرەی ســینەمایی بەریتانــی دانیال ڕادکلیــف پاڵەوانــی زنجیــرە فیلمەکانی هاری پۆتــەر تورەبوونی خــۆی دەربڕی بۆ بڵاوبوونەوەی جۆرێکی نوێی کلینســی (WC) لەبازاڕەکانــدا کــە وێنەی ئەویان بەسەرەوەیە.
دانیال لــەم بارەیــەوە ڕایگەیاند کە خۆی تائێستا بەرهەمەکەی نەبینیوە، بەڵام بۆیان باس کردووە کە بەرهەمێکی لەو جۆرە لەبازاڕ بڵاوبۆتەوە و لەوانەیە ئەو کەسەی ئەو کارەی ئەنجامداوە لەخۆشەویستیان بێت، بەڵام ئەو پێیوایــە ئەو کارە بــۆ ئیهانەکردنی خودی خۆی بەئەنقەست ئەنجامدراوە، ڕادکلیف لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (سەن)ی بەریتانی هیوای ئەوەی خواست کە خۆشەویستی بۆ هونەرمەندان نەگاتە ئاستی ســووکایەتی پێکردن بەجۆرێــك وێنەکانیان لەو شوێنە گشــتیانە دابنرێت. ئەوەی زیاتر ڕادکلیفی تورە کرد ئەم کلینسە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کۆندۆمێك کە وێنەی باراك ئۆبامای لەسەر چاپ کرا بوو و ئێستا لەبازاڕەکانی بەریتانیا دەفرۆشرێت.

# میگان فۆکس وەرزشی کاردیۆ ئەنجام نادات

میگان فۆکســی ئەســتێرەی ســینەمایی پێیوایە کە پاراســتنی کێشی لەش کارێکی زۆر زەحمەتە ســەبارەت بەخۆیەوە و پێویستی بەئارامییەکی زۆر هەیە.
میــگان کە بــە ڕێکیی لەشــی ناســراوە لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (In Style) دەڵێ: من چێژێکی زۆر لەئەنجامدانی یارییە وەرزشــییەکان دەبینم هەرچەندە کارێکی زۆر زەحمەتە و بەهیچ شــێوەیەك وەرزشی کاردیۆ ئەنجام نادەم، چونکــە من نامەوێ کالۆری بســووتێنم و دەمــەوێ وەرزش و ســووتانی کالۆری بەیەکەوە ببەســتمەوە، بۆیە هەفتانە ســێ جار ئەنجامی دەدەم بۆ ئەوەی کێشی لەشم وەکو خۆی بمینێتەوە و زیاد نەکات.
جگە لەوەرزشی جەســتەیی میگان فۆکس ڕۆژانــە بــەردەوام بۆ مــاوەی ٣٠ خولەك وەرزشــی یۆگا و بیرکردنەوە ئەنجام دەدات، چونکە پێیوایــە ئەم دوو وەرزشە تەواوکەری یەکترن.



## نەریمان بابان:

# دەستخۆشی جەماوەر هۆکاری بەردەوام بوونمە

**گرووپی میوزیکی بابان یەکێک بوو لەو گرووپە جوانانەی کە ڕۆژگارێک لەکوردستان چەندین بەرهەمی جوانیان تۆمار کردووە کە لەکۆمەڵێک میوزیکژەن پێکهاتبوون، نەریمان بابانیش یەکێک بوو لەو هونەرمەندانە وەک میوزیکژەنێک و گۆرانیبێژی ئەو گرووپە، نەریمان لەشـــاری ســـلێمانی هاتۆتە دنیاوە خوێندنیشی هەر لەسلێمانی تەواو کردووە، ئێستا لەنێوان ئەڵمانیاو سوید دەژی، هەر لە منداڵییەوە ئاشنای دەنگی مامۆستایان قادر دیلان و مامۆستا شەماڵ سائیب بووە، نەریمان بەستایلە تایبەتەکەی خۆیەوە بەشێوازێکی نوێ و مۆدێرن خزمەتی هونەری کوردی کردووە، لەبەسەرکردنەوەیەکدا بەم شێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکان هاتە ئاخاوتن.**

***ساڵانێکە لەئەوروپا ژیان بەسەر دەبەی و ئەو ستایلەی تۆ پێی ناسراوی لەئەوروپا باوی هەیە، ئەم چەند ساڵە چ ئیزافەیەکیان خستە سەر کاروانی هونەری نەریمان بابان؟**

- هاتنمان بۆ ئەوروپا لەبواری تەکنیکەوە ئیزافەیەکی زۆر خســـتە ســـەر کارەکانمان، کە لەکوردستان کارمان دەکرد ئەو شتانەی بەدەستمان دەگەیشت شـــتی سادە بوون و بەپێی ئەو کاتەی لەتیپی بابان بووین کارمان لەسەری دەکرد، ڕەنگە کارە کۆنەکانمان بۆ ئەوکات زۆر باش و پێشـــکەوتوو بووبێت، بۆیە ئێمە ئێستا هەوڵ دەدەین ئەو پێشکەوتنەی لێرە هەیە بەکاری بهێنین و بیخەمە خزمەتی هونەری میللەتەکەم، لەلایەکی ترەوە هەستی کوردایەتی لەغوربـــەت زیاتر دەبێت لەوەی لەکوردســـتان هەیـــە، و زیاتر حەز دەکەی شتەکانت بۆ کورد بێت.

***گرنگترین ئەو لایەنانەی کە لەســـتایلی جەنابتـــەوە نزیکن و هەوڵتداوە بیخەیتە نێو هونەری کوردییەوە چی بوون؟**

- من هەوڵمـــدا گۆرانی کوردی لەئەرەبێســـکەوە دوور بخەمەوە، چونکە ئەرەبیسك ناوەکەی بەخۆیەوەیە، تورکەکان لەعەرەبیان دزیوە کوردیش چووە جارێکـــی تر لەتورکی وەردەگرێتەوە واتـــە کۆپی کۆپی دەکاتەوە، ئەمەش هەڵەیەکـــی زۆر گەورەیە، چونکە تورك و عەرەبەکان هەوڵ دەدەن ســـوود لەموزیکی بیانـــی ئەوروپی وەربگرن، کەچی کوردیـــش لەجیاتی بچێت سوود لەموزیکی ئەوروپی ببینێت دەچێت تەقلیدی تورك و عەرەب دەکاتـــەوە، مـــن هەوڵمداوە هەرشتێك کە ئەوروپییەکان بـــەکاری دەهێنن وەریبگرم بیخەمـــە خزمەت هونەری کوردییەوە بـــۆ ئەوەی کاتێك گەنجێکی کورد گوێی لێبێت جیای بکاتەوە لەو موزیکە تورکی و فارسی و ئەرەبێسکانەی کە ئێستا هەن، بەداخەوە حاڵەتێك دروستبووە کە دەتوانم ناوی بنێم دووبارە ڕووخان و گەنجی کورد وا هەســـت دەکەن کە موزیکی کوردی تەنیا ئەوەندەیـــە کە گوێیان لێدەبی بەجۆرێك وایانلێکردووە هیچ جیاوازییەك بـــەدی ناکرێت لەنێوان گۆرانییەکی عەرەبی یان تورکی و خەریکە ڕەنجەکە بەخەسار دەچێ.

***ســـتایلە ڕۆژئاواییەکەی تۆ لەئەوروپا باوە، بەڵام ئەو گرفتانەی تووشت هاتن لەئەوروپا چی بوون؟**

- هونەرمەندە کوردەکان بەگشتی لەئەوروپا کێشەی کۆبوونەوەیان هەیە، واتە زۆر بەئاســـانی ناتوانن یەکتر ببینن، وەك ئەوە نییە کە لەکوردســـتان هەیە گرفتەکان لێرە زۆرترن، بەشـــێوەیەکی گشتی هەموو شتێك بەحەق و حیساب و ســـەعات و پارەیە، هیچ شتێك بەهاوڕێیەتی و خۆشەویستی نییە ئەمەش کاتی زۆری دەوێ و لەڕووی ماددیشەوە زۆر دەکەوێت لەسەر هونەرمەند کە بیەوێ خۆی بژێینی و هونەرەکەشـــی بەردەوام بێت بەتایبەتی بۆ کەسێك کە خاوەن خێزان و منداڵ بێت، من خۆم ئەو گرفتەم نییە، چونکە خاوەن خێزان و منداڵ نیم هەروەها تێکســـت و ئاوازەکانیش خۆم دایدەنێم، نازانم ئێستا چۆنە لەکوردســـتانیش چۆنە، بەڵام کاتی خۆی بەهاوڕێیەتی و خۆشەویستی بۆ کارەکە کۆ دەبووینەوە بەهەموومان کارێکی جوانمان دەکرد.

*** بۆ پێشخستنی هونەر، خۆشەویستییەکەی کوردستان باشترە یان ئەو حەق و حیسابەی لەئەوروپا لەگەڵ هونەرمەند دەکرێت؟**

-شـــتەکە ڕێژەییە واتە ٥٠٪ ی خۆشەویســـتی و ٥٠٪ی ئێرە هەردووکیان پێویســـتن، چونکـــە تەنیا بەخۆشەویســـتی و حەزکردن بـــۆ کارەکە هونەر پێشناکەوێت، بەهەمان شێوە ئەگەر تەنیا بیر لەپارەکە بکەیتەوە خۆشەویستی بۆ هونەرەکە نامێنێـــت، کەواتە هەردووکیان تـــەواوکاری یەکترن، بۆیە من ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوام لەگەڵ گرووپێك کار دەکەم هەم حەقی خۆیان وەردەگرن و لەهەمان کاتدا خۆشحاڵیشن بەو کارەی کە من ئەنجامی دەدەم و دەتوانم بڵێم بەڕێژەی ٨٠٪ سەرکەوتوو بووم لەڕاگرتنی باڵانسێك لەنێوان خۆشەویستی و حەق و حیساب.

***ئەوەی بەقووڵی لەکلیپەکانتدا بڕوانێت وەك ســـتایلەکەت جۆرە تایبەتمەندییەکـــی پێـــوە دیارە، بیرۆکـــەی کلیپەکان خۆت دایدەنێی یان کەسانێك هەن یارمەتیت دەدەن؟**

-من هەمیشە حەزم لەتازەگەرییە نەك دووبارە بوونەوە، حەز ناکەم مرۆڤەکان لەکلیپ و تێکست و مۆسیقادا خۆیـــان دووبارە بکەنەوە، بۆیە هەوڵمداوە هەمیشـــە شتێکی نوێ بهێنم کە تازە بێت لەبەر چاوی بینەر، لەو کلیپانەی کە هەڵمبژاردووە ویســـتوومە جیاواز بێـــت لەوەی کچێك و کوڕێك بێن و لەیەکتر عاجز بن، من حەزم کردووە لەیەك کاتدا دوو شت نیشان بـــدەم کورتە فیلمێك و کلیپێکی جوان واتە لەیەك





کاتدا گوێ بگرێت و سەیر بکات، زۆر جار کەسانێك هەن کە حەز لەگۆرانییەکانم دەکەن، بەڵام بەداخەوە وەك خۆی بەباشی تێی ناگەن، گۆرانیم هەبووە زۆر سیاسی بووە کچی بەشێوازێکی زۆر لەخۆشەویستی نزیك وتراوە، بەهەمان شێوە زۆر کەس کلیپەکانم بەترسناك دەزانن، بەڵام بەپێچەوانەوە کلیپەکانم هیچ پێوەندییان بەترسەوە نییە، من زۆر پێم جوانە چی تێدایە با لەگۆرانی کوردیشدا ئەو تازەگەرییە هەبێت، بەڵام هەست دەکەم ئێستا کلیپەکانی من بۆ چاوی بینەری کوردی نامۆن.

***ئەم تێنەگەیشتنەی بینەر و گوێگری کورد لەگۆرانی و کلیپەکانت بۆ سیناریۆکە یان بۆ جۆرە ستایلەکەی تۆ دەگەڕێتەوە؟**

-رێزێکی تایبەتیم بۆ گوێگری کورد هەیە، ئەمە بۆ پڕکردنی مێشکی بینەری کوردی بەهەندێك شتی ناڕەوا و نەشاز کە وایان لێبێت نەتوانن لێی تێبگەن، جاران لەساڵانی هەشتا و نەوەدەکان کە کاسێتێکمان دەکڕی گوێمان لەهەمووی دەگرت، وشە بەوشە تەنانەت سەیرمان دەکرد کە کێ ئەم ئاوازەی بۆ داناوە، ئەم هۆنراوەی بۆ نووسیوەیەتەوە کێ دابەشی کردووە و مەبەستی چی بووە کە فلان دێڕی داناوە یان لەکلیپەکەدا بۆچی ئەو گوڵەی داناوە سوور نییە سپییە، کەچی گەنجی ئێستا بیر لەو شتانە دەکاتەوە، کلیپەکانی من زۆر سادە و ساکارن پێم ناخۆشە کە گەنجی ئێمە لەکوردستان تێی ناگەن و بەشێوەیەکی دیکە لێك دەدرێتەوە، چونکە پێوەندی بەمن و سیناریست و دەرهێنەرەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەبیرکردنەوەوە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا من بێ ئومێد نیم، چونکە خەڵکێکی زۆر و ئاستی تێگەیشتنی لاوان فراوانترە و تێی دەگەن.

*** تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کە غەدرت لێکراوە، ئایا ئەمە شانسی تۆیە یان بەئەنقەستە یان چ هۆکارێکی دیکەی لەپشتە؟**

-بە ڕاشکاوی دەڵێم من بڕوا بەبوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری ناکەم، چونکە هەر شتێك لەژیانی مندا ئەگەر وجودی نەبووە، ئەم وەزارەتە هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لەژیانی مندا، بۆیە بڕوام بەبوونی نییە، بۆیە نامەوێ ناوی بهێنم، چونکە تەنانەت بەسەریشیان نەکردومەتەوە، سەبارەت بەغەدرکردنیش دەڵێم کەس پێمانی نەوتووە گۆرانی بڵێن و کەسیش چەکی لەسەر سەرمان دانەناوە کە گۆرانی بڵێین بەزۆری، بەڵکو ئەمە کارێکە خۆمان هەڵمانبژاردووە و خۆمان حەزمان کردووە بیکەین، بۆیە ئەگەر هەندێك جار گلەییش بکەین ئەوە لەهیلاکی و ماندووبوونمانە لەدەرەوەی وڵات لەژێر فشارین، بەڵام جوانتر بوو لەوڵاتەکەی خۆمانەوە دەستخۆشی و پێزانینێك بووایە وەك خۆم تائێستا نە دەستخۆشی و سوپاسم لەحکومەت یا لایەنێك یا کەناڵێك بۆ هاتووە و بڕواش ناکەم تازە گوێم لێ بێت و ئەگەر گوێشم لێ بێت تازە زۆر درەنگە خۆزگە لەکاتی خۆیدا گوێم لێبوایە، کە ئەو قسەیە دەکەم مەبەستم لایەنی ماددی نییە، تاکە شت کە هاندەری بەردەوام بوونمە دەستخۆشی ئەو میللەتەیە کە بۆ من گەورەترین سەرمایەیە و هۆکاری بەردەوام بوونی منە.

***ئەگەر کۆنسێرتێك لەکوردستان ساز بکەی پێتوایە پێشوازی جەماوەر چۆن دەبێت لەو کۆنسێرتە؟**

- من ناتوانم ١٠٠٪ حوکم بدەم، بەڵام بەهۆی ئەو ئیمێلانەی بۆم دێت پێشبینی دەکەم ژمارەیەکی زۆر لەگەنجان بێن بۆ کۆنسێرتەکە و سەرکەوتنیش بەدەست دەهێنێت و هیوادارم کە گەڕامەوە ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بم و پێوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ جەماوەرەکەم هەبێت، چونکە جەماوەر حەز دەکات ڕووبەڕوو ئەو هونەرمەندەی خۆشی بوێت و بیبینێت.

*** لەگۆرانییەکانتدا هەست بەخۆشەویستییەکی قووڵ دەکرێت، کە وایە بۆچی تا ئێستا ڕەبەنی؟**

- هیچ کەسێکمان بێ خۆشەویستی ناژین، بەڵام شرۆڤە کردنەکان جیاوازن، ئەگەر مرۆڤەکان داببڕی لەخۆشەویستی وەکو دارێکی کزی بێ بەریان لێدێت، بۆیە لەگیانی منیشدا خۆشەویستی گەورە هەیە و ئەو سۆزەم بەدەنگ و تێکستەکان دەربڕیوە و ئەو ئازارانەی لەناخمدا هەیە بەو شێوەیە دەربڕم.